سەرۆك کۆمار جەخت لەگرنگی بەهێزکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و بەریتانیا دەکاتەوە

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە ستیڤن چارلس هیچن باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق.

سەرۆکایەتی کۆمار باڵوێکردەوە لەدیدارەکەدا، کە لەکۆشکی بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆك کۆمار جەختی لەگرنگی بەهێزکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و بەریتانیا و فراوانکردنی ئاسۆی هاریکارییە ئابووری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژییەکان و ڕووبەڕووبونەوەی کاریگرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کردەوە.

هەروەها سەرۆك کۆمار ئاماژەی بەسەقامگیریی ئەمنی و سیاسیی وڵات و کاریگرییە ئەرێنییەکانی کرد لە بوارەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری و بژێوی، جەختیشی لە پێرەشیی عێراق کردەوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەماکانی دراوسێتی باش و بەشوێنك، کە ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی نیشتمانی بپارێزێت.

لەلای خۆیەوە باڵیۆزی بەریتانیا جەختی لە خواستی وڵاتەکەی کردەوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هاریکاری و دەستایەتی لەگەڵ عێراق و پشتیوانیکردنی لە بوارەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بونیادنان و ئاوەدانکردنەوەدا.